



**بۆ بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**ب/ را پۆرتی لیژنە سەبارەت بە پرۆژە یاسایی مافی بەدەست هێنانی زانیاری**

**( یاسای روناکی )**

پاش ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە(٢١)ی رۆژی رێکەوتی ٢٠١٠/٦/٢٩ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ (پرۆژە یاسایی مافی بەدەست هێنانی زانیاری(یاسای روناکی)) کرا ولە رۆژی ٢٠١٠/٦/٣٠ بە نوسراوی ژمارە(کـ ٤٠٥) ئاراستەی لیژنەکەمان کرا،لیژنەکەمان پاش چەندان کۆبوونەوە و سمینار لە رۆژی دوو شەمە رێکەوتی ٢٠١٢/٤/٣٠ سەبارەت بە پرۆژەیاساکە ڕای خۆی بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو:

* سەرەتا لیژنەکەمان پشتیوانی لە پرۆژە یاساکە دەکات،

ئەمەی خوارەوە سەرنج وتێبینیەکانمانە سەبارەت بە مادده وبڕگەکانی پرۆژەیاساکە:

**ماددەی یەکەم:** سەبارەت بە زارەوەکان وەکو خۆیبێت تەنها لە بڕگەی دووەم ولە هەرشوێنێکی ئەم پرۆژە یاسایە ووشەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان هاتبێ بگۆردرێت بە پەرلەمانی کوردستان.

**ماددەی دووەم : ئامانجەکان**

**ئەم یاسایە ئەم ئامانجانەی هەیە :**

١. بەرچاو ڕوون کردنی گەڵی کوردستان بە زانیاریەکان.

٢. بەشداریکردن لە چارەسەرکردن ونەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی وپشتگیریکردنی پرنسیپی شەفافیەت.

٣. وەکو خۆی بێت.

٤. وەکو خۆی بێت.

٥. وەکو خۆی بێت.

٦. **زیاد بکرێت بەم شێوەیە**: پێشخستنی بوارەکانی رۆژنامە نوسی وراگەیاندن بە جۆرێك جێگای متمانە بن لە ڕووی دەرخستنی راستیەکان بۆ جەماوەرو رزگار بوون لە هەواڵی بێ بنەما.

## بەشی دووەم

## دەستە وریکەی دامەزراندنی ودەسەلاتەکانی

**ماددەی سێ یەم:**

١. وەکو خۆی بێت.

٢. **بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە**:دەزگا بودجەیەکی سەربەخۆی دەبێ، پەیوەست دەبێ بە بودجەی گشتییەوە وکەسایەتی مەعنەوی دەبێ ولە(٥) پێنج ئەندام وسەرۆك پێکدێت،لەیەکەمین کۆبوونەویدا هەڵدەبژێردرێن،پێی دەوترێ سەرۆکی دەزگا کە نوێنەرایەتی دەکات.

٣. وەکو خۆی بێت.

٤. سەرۆکی دەزگا سێ مانگ یان هەرکاتێ پێویست بوو راپۆرتێك پێشکەش بە پەرلەمان دەکات.

٥. وەکو خۆی بێت.

## دەسەلاتەکانی دەزگا

**ماددەی چوارەم:**

**دەزگا ئەم ئەرکانەی خوارەوە ئە نجام دەدات:**

أ. تەنها ووشەی( بەراستی )لابردرێت ئەوانی تر وەکو خۆی بێت.

ب. وەکو خۆی بێت.

ج. وەکو خۆی بێت.

د. وەکو خۆی بێت.

ھ. وەکو خۆی بێت.

و. **<u>له كۆتای رستەکە ئەمە زیاد بکرێت:</u>** کەلە ھەفتەیەك زیاتر نەبێت.

ز. وەکو خۆی بێت.

ح. وەکو خۆی بێت.

گ. وەکو خۆی بێت.

ی. **<u>بەم شێوەیە دا برێژرێتەوە:</u>** دەستیوەردان بۆ وەرگرتنی زانیاریەکان لەحاڵەتی سەرنەکەوتنی ھەر ھاوولاتیەك لە بەدەست ھێنانی زانیاریەکان بەپێی ئەم یاسایە،دوای ئەوەی پەنا بۆ دەزگا دەبات وبۆی ھەیە داوا دژ بە لایەن وئەو تاکانە بەرزبکاتەوە کە پێشیلی ئەم یاسایە دەکەن لەبەردەم دادگا تایبەتنەندەکان.

## بەشی سێیەم

## چۆنیەتی گەیشتن بە زانیاریەکان

**ماددەی( ٦ ):**

لەماددەی(٦)لیژنە پێشنیار دەکات لە بری(**ھەموو کەسیك**)بکرێتە (**ھەموو ھاوولاتیەك**)و لە ھەر شوێنێکی تریش (ھەموو کەسێك) ھاتبێت بکرێتە (ھەموو ھاولاتیەك).

لیژنە لەسەر بڕگەی دووەم تێبینی نیە.

بڕگەی سێیەم و چوارەمیش وەکو خۆی بمێنێت.

## بەڵگەنامەکان

**ماددەی ( ٧ ):**

بڕگەی (١)لیژنە پشتیوانی لە برگەکە دەکات تەنھا پێشنیار دەکەن دەستەی گشتی لابرێت لە ھەر شوێنێکی تری ئەم پرۆژەیاسایەش دەستەی گشتی ھاتبێت لابرێت و بەڵکو ببێتە بەشێك لە دەستەی مافی مرۆڤ.

## داواکردنی زانیاریەکان

**ماددەی (٨):**

برگەی (١ و ٢)وەکو خۆی بێت.

لە بڕگەی (٣)یەم ووشەی (**وردترین**) لابدرێت.

لە بڕگەی(٤)ووشەی (**دانەیەك**) بکرێتە(**وێنەیەك**).

بڕگەی(٦،٥ و ٧)وەکو خۆی بمێنێتەوە.

## وەڵامدانەوەی داواکاریەکان

**ماددەی (٩):**

لیژنە هیچ تێبینیەکی لە سەر نیە.

## هۆکارەکانی پێڕاگەیاندنی زانیاریەکان

**ماددەی (١٠)**

هیچ تێبینیەك نیە لە سەر بڕگەی (**١** ).

لە بڕگەی (**٢**) لە (**أ**)ووشەی (**دانەیەکی ئەسلی**) بگۆردرێت بە ووشەی(**دێنەیەکی باوەر پێکراو**)،وە بڕگەی (**ب**) وەکو خۆی بمێنێتەوە.

وە بڕگەی (**ج**)لابردرێت.

وە لە بڕگەی (**د**) ووشەی (**دانەیەکی**) بکردرێتە بە ووشەی(**وێنەیەکی**)،وە بڕگەی (**ه**) وەکو خۆی بمێنێتەوە.

هیچ تێبینیەك نیە لە سەر بڕگەی (**٣**).

## بوونی بەڵگە نامە لەلای دەستەیەکی دیکەوە

**ماددەی(١١):**

لیژنە پیشنیاز دەکات بڕگەی (١) لاببرێت.

لە بڕگەی(٢) ووشەی (**پرسگە**) بکرێتە(**تایبە تمەند**).

بڕگە کانی تر وەکو خۆی بمێنیتەوە.

## پاراستنی بەڵگەنامەکان

**ماددەی( ١٢ ):**

لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

## راهێنانی فەرمانبەران

لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

## پێشکەشکردنی را پۆرتەکان بۆ دەزگا

لیژنە تەنها پێشنیاریی ئەوە دەکات (**دەزگا**)یەکە لابرێت و بکرێتە (**دەستە**)هەروەکو لە سەرەتای ماددەی(١٤)هاتووە، خاڵ و بڕگەکانی تر لیژنە تێبینی لە سەر نیە.

## ریز پەڕەکان

**ماددەی( ١٥ ):**

لیژنە پێشنیار دەکات بڕگەی (**ج ،ز ،ح**)لابرێت لە ماددەی(**١٥**).

## بەشی چوارەم

## حوکمەگشتییەکان

## رەسمەکان

**ماددەی( ١٦ ):**

لیژنە هیچ تێبینیەکی نیە لە سەر.

## مووچەو خەرجییەکان

**ماددەی (١٧):**

لیژنە پێشنیار دەکات ماددەی (**١٧**) لاببرێت.

## بەرپرسیاریەتی سزایی و مەدەنی

## سزاکان

**ماددەی(١٨):**

بڕگەی (١) ی (**أ**)ئەمەی بۆ زیاد بکرێت ( **لەلایەن فەرمانبەری تایبەتمەندەوە**) لە کۆتایی برگەکە.

لە بڕگەی (**٢**) لیژنە پێشنیاز دەکات (**دەزگا**) بکرێت( **دەستە**) و (**ئەنجومەن**) بکرێتە( **پەرلەمان**).

## بەشی پێنجەم

## حوکمە کۆتاییەکان

لیژنە هیچ تێبینی لە سەر نیە.

لەگەڵ ڕێزمان......

شێردڵ تحسین محمد — اسماعیل محمود عبدالله

جێگری سەرۆک — سەرۆک

قادر حسن قادر

برِیاردەر

سمير سليم امين — ئەندام

شێرزاد عبدالحافظ شريف — ئەندام

شۆرش مجيد حسين — ئەندام

كاروان صالح احمد — ئەندام

نەريمان عبدالله قادر — ئەندام

صباح بيت الله شكرى — ئەندام

قادر احمد سمايل — ئەندام

ئاواز عبدالواحد خضر — ئەندام